# وەختێ... قەدەرێ ماناکانی ئاینده کاڵ ئەکاتەوە

ئەحمەدعەلی
ahmadali525@hotmail.com
فێبریوەری2006




کاتێ کە خوێنم ڕێگەی دەمارەکانمی لێ
تێک ئەچێ
وەختێ هەناسەم لە تێپەڕینی بە گەروما
شپرزەیە
ئەو کاتانەی
چاوەکانم بێ خۆم لە بەر پەنجەرەوە
نازانێ موسافیرێ بە ڕێ ئەکا
یان مونتەزیری گەڕانەوەیەتی
ئەو دەمەی
دونیا دەڕژێتە نێو من و
منیش بە نێو شەوگارە فەرامۆشکراوەکانی ئەو

ئـــــــــــیتر
حیکایەتی ئەم سۆراخ و فەنا بونە
ئەبێتە ئەو وشانەی
لەحزەیەک زمانم ئەدۆزنەوەو وون ئەبن
ئەو بزەیەی بە سەر لێوما تێئەپەڕێ و
حوزنێک لە چاوما جێدێڵێ
ئەو ڕەسمانەی وەک پاساری
خۆیان بە پەنجەرەی خەیاڵما ئەکێشن و نایەنەوە
ئەبێت بە خۆم
کە ڕۆژی لە دایک بون و مردنم کەس نایزانێ
ئەبێت بە ئەو
وەختێ دڵم لە جانتایەکا ئەبات و سۆراخیم پی ناکرێ ئیتر ..........

وای لەو شەوانەی فەلسەفەی وجودی دۆستێک
لە تەنهایی بێ مانا تر ئەبێ

لەو شەوانەی دڵ خاڵیە لەئومێدو عیشق و قسەیەک
ئەو شەوانەی سەدایەک
ئاوەدانی بە نسیبی گەڕەک ناکا
لەو وەختانەی
دەریا موسافیرەکانم پێ ناداتەوە و ئەیانبا
سەوڵ و پارچەی شکاوی بەلەمەکان رۆژێ دەگەنەوە کەنار
دوا نامە بە دەست و دڵێکی لەرزۆکەوە جێیان هێشت
بۆ ئەبەد لە ئینتیزاری تەتەرێکا کە ناگا ، کاڵ ئەبنەوە
وای لە نهێنی ڕۆحی دەریا و چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەوان ،

ڕێگا دۆستەکانم وون ئەکا
پڕ زاکیرەم وەسیەتم پێ ڕا ئەسپێرێ و
من دەفتەرێ لە بیرەوەری ئەوان زیاتر
چیتر نابم
لەم ساڵانەی بێپرس بە سەر منا تێئپەڕنو
بێ هەواڵ جەستەی من بە سەفەر ئەسپێرن ..........

پێم بڵێ ئەی دەراوسێ دۆستەکەم زەمەن
چاوەڕوانی ئەم ڕۆژگارە کوێرانەم
لە سەر ڕۆحی نەشکاوی کام عەسا دابنێم
حەسرەتی ئەم وشە بێدەنگانەم
قسەی دڵی ئەم حەرفە کەڕولاڵانەم
لە کام ڕستەما کۆبکەمەوە ؟
پێم بڵێ
ئەی قاسیترین
دۆستی من
لەم ڕۆژگارەیا ، سورەتی نغرۆ بون لە تۆیا
مانایەک بەم دوا هەناسانەی ئەو دەبەخشێ ؟
با حەرف لە لێوت برژێ
هەناسە بەم خنکانە ببەخشە
با چیدیکە ئەم سکوتە
من لە تۆیا وێران نەکا
پێم بڵێ تۆ
ئەم ڕوبارە بۆ بەم دەریایەمی بەخشی

**که نازانم له چی کەنارێکا لام ئەدا ؟**
**من ئەزانم**
**تێکەڵبونمان به ڕۆحی هەمیشه خرۆشاوی باران**
**وانەی ڕۆچونێکمان فێر ئەکا به نێو خۆمانا**
**به نێو پارچەی جێماوی وەعدە کاڵەکانمانا**
**به نێو پەرتبونی ئەو رۆژانەی**
**ئیتر به دەوری ئایندەمانا کۆنابنەوه ............**

**من وەڕەسم لەم نزایەی**
**چارەی شەوێکی تەنهایمی پێ ناکرێ**
**دڵی عەسرانێکی خامۆشمی پێ نادرێتەوه**
**له تۆ که ناتوانی**
**ڕەنگی ئەم وەسوەسەو غروبەم کاڵکەیتەوه**
**نەخشەی**
**ئەم**
**قەدەرەم**
**لێتێکدەی .**